# پیاوێکی بێهوودە



حەمە کاکەڕەش

تۆ وەک شەو دەدرەوشێیتەوە
با لە هەناسەت ئاڵاوە
ئاگر لە دەستەکانت دەڕژێ
چاوەکانت  دوو ئەستێرەن لە تەم
خۆڵ ڕوانینەکانت دادەپۆشێ

– چۆن وانەبم
باوکم لە سەر بەرماڵێک نوێژی دەکرد گوڵێکی لێ نەڕوا
دایکم تەمەنی بە تەنیایی بەخشی و
تەنیاییش چاوەڕوانی لێ سەوز بوو
چاوەڕوانیش چاوەکانی کاڵ کردەوە

قیبلەیەکم نییە
لە کتێبەکانی خواوەندا
چیمەنی خەیاڵێک نا بینم
بۆ نیشتنەوەی کۆترەکانی بێ ئارامی

ڕۆژێک شک نابەم بتبینمەوە

برینێکی دڵم بە ڕۆژباشێکی تۆ ببەستم
ئیمانێکم نییە بۆی بژیم
خواوەندێک شک نا بەم لە ڕەنگی لێوەکانت تا بیپەرستم.

6/ 12 /2005